# ئاهەنگێکی گەورە و شکۆدار
# بۆ ڕێزگرتن لە ڕۆژی کۆمەڵە
# لە شاری ئۆسلۆ

ڕۆژی شەممە 19ی مانگی فیبرواری، ئاهەنگێکی گەورە بۆ ڕیزگرتن لە ڕۆژی کۆمەڵە، لە شاری ئۆسلۆی پایتەختی نۆرویژ بەڕیوە چوو. لە ئاهەنگەکەدا، زیاتر لە 1300 کەس، لەوانە نوینەرانی کۆمەڵیک لە حیزب و ڕێکخراوە سیاسی و پیشەییەکانی کوردستانی و ئیرانی و نۆرویژی و ژمارەیەکی بەرچاو لە تێکۆشەرانی لەمێژینەی کۆمەڵە و دۆستان و پشتیوانانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان بەشدار بوون. لە ئاهەنگەکەدا هەروەها هونەرمەندانی بەناوبانگ ناسری ڕەزازی و نەجمەددینی غولامی ئامادە بوون.

سەرەتا بۆ ڕیزگرتن لە یادی گیانبەختکردوانی ڕیزەکانی خەباتی شۆڕشگێرانەی کۆمەڵە و هەموو گیانبەختکردوانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان دەقیقەیەک بێدەنگی ڕاگیرا و کۆڕی سروودی ڕێکخراوی لاوانی کۆمەڵە سروودێکیان پێشکەش کرد.

لە درێژەی ئاهەنگەکەدا، هاوڕی ناسری حیسامی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە وتارێکی پێشکەش کرد. هاوڕی ناسر باسی هەندێک لە لایەنەکانی دۆخی سیاسیی ئێستای کوردستان و ئێران و ناوچەکەی کرد و پەنجەی خستە سەر کۆمەڵێک لەو ئەرکانەی ئێستا جێبەجێ کردنیان گرنگییەکی تایبەتی بۆ کۆمەڵە هەیە ولەم بابەتەوە وتی: ((ئێستا لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، لە کاتێکدا هەم توانای خەباتکارانەی جەماوەر گەشەی کردووە و هەم ئومێدیان بە ڕزگاربوون و متمانەیان بە هێزی یەکگرتوویان زیاتر بووە، پێویستیی یەکگرتن و ڕەچاوکردنی بەرنامەیەکی سیاسی بۆ دیمۆکراسی و چارەسەری کێشەی نەتەوەیی زیاتر لە جاران لەبەردەم حیزبە سیاسییەکانی ئەو کۆمەڵگایەدا خۆی نیشان دەدا و کۆمەڵە بە ڕەچاوکردنی سیاسەتی پێکهێنانی بەرەی کوردستانی هەوڵیداوە وەڵامی ئەو پێویستییە بداتەوە. لە دەرەوەی کوردستانیش، لە وڵاتانی ئورووپا و ئامریکا، بە لەبەرچاوگرتنی ئامادەیی بەرچاوی لایەنگران و ئەندامانی حیزبەسیاسییەکانی کوردستان و پشتیوانانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان و کەسایەتییە سیاسییەکانی کورد، هەوڵدان بۆ پێکهێنانی دامەزراوەیەکی چەتری کە بتوانی دەنگی خەباتی هەقخوازانەی خەڵکی کوردستان بە شێوەیەکی یەکگرتووتر بە بیروڕای گشتیی جیهان بگەیەنێت، پێویستە درێژەی پێ بدرێت.))

هاوڕی ناسر لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا وتی: ((ئەم کۆڕە گەورەیەی لێرە بۆ ڕێزگرتن لە ڕۆژی کۆمەڵە بەرپاکراوە و ئەم جەماوەرە بەرینەی لە دەوری یەکتر کۆکردووەتەوە، ئەنجامی زەحمەت و ماندووبوون و ئەرک وەئەستۆگرتنی ژمارەیەکی زۆر لە دۆستان و دڵسۆزانی کۆمەڵە و تێکۆشەرانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستانە، کە پێشتر لە هاوکاری و پشتیوانییان بێبەش بووین و، ئێستا پشتیوانی لە کۆمەڵە و دەست خستنەناو دەستی ئەندامان و کادرەکانی کۆمەڵە و یارمەتیدانیان لە ڕاپەڕاندنی چالاکییەکی ئاوادا، بە ئەرکی خۆیان دەزانن و بۆ ئێمە گەلێک جێگای دڵگەرمییە و پڕ بەدڵ سپاسی هەموو ئەو کەسانە دەکەین. هەروەها سپاسی ئەو دەزگایانەی ڕاگەیاندن دەکەین کە ئەم جەماوەرە بەرینەیان لە بەڕیوەچوونی ئەم کۆڕە ئاگادار کرد.))

لە درێژەی ئاهەنگەکەدا نوێنەرانی کۆمەڵێک لە حیزب و ڕێکخراوە نۆرویژی و کوردستانی و ئێرانییەکان بە پێشکەش کردنی وتار پیرۆزباییان لە کۆمەڵە کرد. وتاری نوێنەرانی حیزب و ڕیکخراوە نۆرویژییەکان پشتیوانییەکی زۆری لە خەباتی ئازادیخوازانەی خەڵکی کوردستان تێدا بوو. نوینەرانی حیزب و ڕێکخراوە نۆرویژییەکان کە وتاریان پێشکەش کرد بریتی بوون لە:

_ نوێنەری حیزبی سۆسیالیستی چەپی نۆرویژ، بەرێز ڕەزا ڕەزایی، کە بەرپرسی پەیوەندە نێونەتەوەییەکانی ئەو حیزبە و ئەندامی ئەنجومەنی شاری ئۆسلۆیە.

_ خاتوو هێلین ئێکیرشبێرگ، لە لایەن ئەنجومەنی نۆرویژیی پارێزگاریی لە مافەکانی گەلی کورد،

_ خاتوو لیڤ گولدبراندسن لە لایەن ئالیانسی هەڵبژاردنی سوور.

PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

هەروەها وتار و برووسکەی پیرۆزبایی ئەم حیزب و رێکخراوانەش پێشکەش کران:
ـ یەکییەتی نیشتیمانیی کوردستان ـ کۆمیتەی رێکخستنی نئورویژ
ـ پارتی دیمۆکراتی کوردستان ـ کۆمیتەی ناوچەی نۆرویژ
ـحیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ـ رێکخراوی نۆرویژ
ـ حیزبی شیووعیی کوردستان ـ کۆمیتەی نۆرویژ
ـ کۆنگرەی نیشتیمانیی کوردستان ـ کۆمیتەی سکاندیناڤیا
ـ یەکییەتیی لاوانی دێموکرات ـ نۆرویژ
ـ پارتیا یەکیەتیا کورد لە سووریا ـ رێکخستنی نورویژ
ـ پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (پژاک) ـ نۆرویژ
ـ سازمانی فیداییانی خەڵکی ئێران (اکثریت) ـ نۆرویژ
ـ سازمانی ئیتحادی فیداییانی خەڵکی ئێران ـ نۆرویژ

ئاهەنگەکە، بە شادی و هەڵپەرکێ، بە تایبەتی بە بەشداریی ژمارەیەکی زۆر لە لاوان کە کۆبوونەوەی لەم چەشنە وێڕای ئەوەی شادییان پێ دەبەخشێت، لە هەمان کاتدا بۆیان دەرفەتێکە بۆ ناسینی هێزە سیاسییەکانی کۆمەڵگای کوردستان و ئاشنابوون لە گەڵ پێشینەی خەباتیان، هەتا درەنگانی شەو درێژەی هەبوو.

کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران ـ کۆمیتەی نۆرویژ
21ی فیبرواریی 2005




PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com







PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com







PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com







PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com